# نەخشاندنی نیشانەی خۆی لەسەر کۆمەڵگا
# ئەم دیزاینەرەی خشڵ و زەنبەرە بناسە



*نەغام سائیر کۆمپانیای ئێلیکسیر بەڕێوەدەبات، کە یەکەم کۆمپانیای خشڵ و زەنبەرە بە سەرکردایەتی خانمان لە موسڵ. ئەم کۆمپانیایە خشڵی دروستکراو لە زێڕ دروست دەکات کە دیزاینەکەی ئیلهامی لە دیزاینی مۆدێرن و دیزاینی نەریتی عێراقی وەرگرتووە .ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێڵز*

**موسڵ** – نەغام تائیر، کە کچی بازرگانێکی زێڕە، لە گەنجییەوە خەریکی دروستکردنی هونەرە بە بەکارهێنانی کانزاکان.

نەغام لە پێش پێشانگاکەی کە خشڵ و زەنبەری مارکەی خۆی بەناوی ئەلیکسیر دەفرۆشێت لە ناوەندێکی بازرگانی لە موسڵ، دەڵێت: "خۆشەویستی زێڕ و خشڵ و زەنبەر لە جینەکانمدایە."

دە ساڵ لەمەوبەر، کاتێک داعش موسڵی داگیرکرد، ئازادیەکانی هاتوچۆ و ڕادەربڕین بۆ ژنان بە توندی پووچەڵکرانەوە و ژنێکی زۆر تووشی توندوتیژی و ژێردەستەیی بوون. نەغام و خوشکەکانی هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جگە لە پاشەکشەکردن بۆ ژوورەوە و خولیاکەی نەغام بوو بە پەناگەی ئەو دوور لە فەوزا و ئاژاوەکان.

نەغام دەڵێت، "دروستکردنی خشڵ و زەنبەر ڕێگەی من بوو بۆ ئەوەی سەلامەت بم لەو شتانەی لە جیهانی دەرەوەدا ڕوودەدەن و لە هەمان کاتدا لەماڵەوە گەشە بە خۆم بدەم".



*وەرشەی ئەلیکسیر فەزایەکە بۆ دیزاینەرانی خشڵ و زەنبەری کۆمپانیاکە بۆ داهێنان و دروستکردنی پارچەی تایبەت بە کڕیارەکانیان .ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێڵز*

کاتێک شارەکە ئارام بووەوە و ژنان دەستیان کردەوە بە چوونە دەرەوە لە ماڵ، نەغام بە خەونێکی گەورەوە سەریهەڵدا بۆ دروستکردنی یەکەم کارگەی خشڵ و زەنبەر کە ژنان بەڕێوەی ببەن لە موسڵ.

نەغام دەڵێت: "بازرگانی زێڕ لەلایەن پیاوانەوە کۆنترۆڵ کراوە، بۆیە ڕۆشتنە ناو بازاڕەکەوە تەحەدایەکی گەورەیە، بەڵام پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە بەرەو پێشەوە بچم و کارەکەم بکەمە واقیع."
نەغام دوکان و وۆرک شۆپی زێڕینگەریی کۆمپانیای ئێلیکسیری بە یەک دیدگاوە کردەوە: گۆڕینی خەیاڵی کڕیارەکانیان بۆ حەز کردن لەو پارچە خشڵانەی کە دەتوانرێت بۆ چەندین نەوە بگوازرێنەوە.
-نەغام دەڵێت، "پێشتر کیمیازانەکان پێیان وابوو کە دەتوانرێت کانزاکان بگۆڕدرێن بۆ زێڕ و بۆ هەمیشە بژین. وشەی ئەلیکسیر ڕەنگدانەوەی ئەو هەستە نەمرییە."



*ئەو خشڵ و زەنبەرانەی لە پێشانگای ئەلیکسێر نمایشکراون، جوانکاری کۆمپانیاکە پیشان دەدەن، کە سوود وەردەگرێت لە تێکەڵەیەک لە دیزاینە عێراقییە کۆنەکان و هەستە مۆدێرنەکان. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێڵز*


*دیزاینەرانی خشڵ و زەنبەری ئەلیکسیر باس لە پلانەکانی دیزاینەکانیان دەکەن، کە توخمەکانی زەمان و مێژووی کۆن لەخۆدەگرێت .ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێڵز*

خوشکی نەغام، عەلا، کە یارمەتی بەڕێوەبردنی کارەکە دەدات، دەڵێت: "ئەو زێڕ و خشڵانەی دروستی دەکەین بەپێی بیرۆکە و خەیاڵی کڕیارەکانمان دروستکراون و بە شێوازی تایبەتی خۆمان، کە تیشک دەخاتە سەر مێژووی عێراق و کولتوری مۆدێرن، دروستکراون."

زۆربەی پارچەکانی ئەلیکسیر بە خواستی تایبەتی هەر کڕیارێک دروستکراون – تایبەتمەندی ئەو دیزاینانەی کە تیمەکەیان لەسەر مس یان زیو کە بە ئاڵتون پۆشراوە، تێدایە.

ئەم براندە خۆی لە ڕکابەرەکانی جیا دەکاتەوە بە یەکخستنی دەقی مێخی کۆن – کە یەکێکە لە یەکەم زمانە نووسراوەکانی جیهان، کە مێژوونووسان پێیان وایە لە ئەشکەوتەکانی عێراقدا لە نزیکەی ٣٢٠٠ پێش زاییندا هەڵکەندراوە – لە زۆرێک لە پارچەکانیدا.



*عەلا گۆرەوبیەکی نوێ تاقیدەکاتەوە کە لەلایەن هاودیزاینەرەکانیەوە دروستکراوە لە کۆمپانیای ئەلیکسیر کە کۆمپانیایەکی زێڕینگەرییە و لەلایەن خانمانەوە بەڕێوەدەبرێت و لەلایەن خوشکەکەیەوە لە موسڵی عێراق دەستپێکردووە. عەلا یارمەتی بەڕێوەبردنی کارەکە و ڕاهێنانی ئەندامانی نوێی تیمەکە دەدات. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق ٢٠٢٤/ ئەنجێلا وێلز*

نەغام پسپۆڕێکی زمانی کۆنی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی فێری دیزاینەرانی ئەلیکسیر بکات چۆن بنووسن و لە کۆتاییدا وشەی گرنگ لەناو پارچە زێڕینەکانیاندا بتاشێنن. ئەمە بەشێکە لە خولی ڕاهێنانی سێ مانگە لە تەکنیکەکانی دروستکردنی زێڕینگەریی و کارامەییەکانی خزمەتگوزاری کڕیار کە ئەو و خوشکەکەی پێشکەشی بە کارمەندی نوێ دەکەن – کە هەموویان ژنن.

ئاماژەی بەوەشکرد، "ژنان لە موسڵ بە بەراورد بە پیاوان هەلی کاری کەمتریان هەیە، بۆیە ویستم هەلێکی باشتر بە ژنان بدەم." دواتر گوتی دوای ئەوەی لە سۆشیال میدیا هەلەکەی بڵاوکردەوە، دەیان ژن ئارەزووی خۆیان بۆ پەیوەندیکردن بە کۆمپانیاکەیان دەربڕی.

نەغام گوتی، "تەنانەت پزیشکە ڕاهێنراوەکان یان پزیشکانی ددان ئارەزوویان هەبوو لەگەڵ ئێمە کار بکەن، بەڵام ویستمان وەبەرهێنان لەو ژنانەدا بکەین کە نەیانتوانیبوو خوێندن تەواو بکەن. چەند دیزاینەرێکمان بە ئەزموونی زەبربەخشدا تێپەڕیون، ئێمە یارمەتیان دەدەین بۆ دەستپێکردنی لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانیاندا."

ئاماژەی بەوەشکرد، "جارێک ژنێک پێی وتم 'من دەربارەی دەسەڵاتی خۆم لە تۆوە فێربووم.' بۆیە، من باوەڕم وایە ئەم کارە ژیانی ئەم ژنانە دەگۆڕێت بۆ باشتر".

نەغام و عەلا دەزانن کە کارەکەیان ئەو دەرگایانە دەکاتەوە کە پێشتر بەڕووی ژنانی کۆمەڵگاکەیاندا داخراو بوون.

ئاماژەی بەوەشکرد، "زۆرێک لە خێزانەکان کارکردنی ژنانیان لە کەرتی تایبەت قەدەغەکردووە، بۆیە خێزانی فێرخوازەکانمان دەهێنینە وۆرکشۆپەکە. دوای ئەوەی ئەو کەشوهەوایە دەبینن کە ئێمە دروستمان کردووە، زۆربەیان گڵۆپی سەوزیان دەدەن." دواتر گوتی، "لە موسڵ قبوڵکردنی زیاتر هەیە بەرانبەر ئەو ژنانەی کار دەکەن. ئێمە بەشێکین لە گۆڕینی ئەم بیرکردنەوە."



*زەینەب یەکێکە لەو شەش ژنەی کە خشڵی داپۆشراو بە زێڕ بۆ کۆمپانیای ئەلیکسیر لە شاری موسڵی عێراق دروست دەکات. ئەو بە ئەزموونێکی کەم دەستی بەم کارە کردووە و ئێستا خەونی ئەوە دەبینێت کە ڕۆژێک کۆمپانیای زێڕینگەریی خۆی بەڕێوەببات .ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق / ئەنجێلا وێلز*

زەینەب یەکێکە لەو ژنانەی لە تیپی ئەلیکسیردایە کە کارامەییە تازەکەی و متمانەکەی ڕێگا بۆ داهاتووی خۆش دەکات.

"کاتێک داواکاریم پێشکەش کرد هیچ ئەزموونێکی کارکردنم نەبوو و بە جیابوونەوەدا تێدەپەڕیم؛ کاتێکی سەختی ژیانم بوو. سەرەتا ترسام، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو فێربووم بەشداری بکەم و بەرەو پێشەوە بچم. ئێستا ئامادەم ڕووبەڕووی هەر ئالانگارییەک ببمەوە کە ڕەنگە بێتە پێشەوە" زەینەب بە ئێمەی وت.

هەروەها گوتی، "ئێمە لێرە تەنها بۆ دروستکردنی زێڕینگەریی کار ناکەین؛ ئێمە پابەندین بە پشتگیریکردنی ژنانی تر بۆ ئەوەی ببنە دیزاینەر. ئێمە پێمان وایە وەک ژن دەتوانین هەر شتێک بەدەست بهێنین ئەگەر ئازا بین و بە دوای خەونەکانمان بکەوین."

یەکێک لە گەورەترین خەونەکانی نەغام و عەلا ئەوەیە کە ئەلیکسیر بگەیەننە کڕیاری نێودەوڵەتی، و ئەوان کارێکی باشیان بۆ ئەمە کردووە. پێشتر دیزاینەکانیان لە پێشانگە نێودەوڵەتییەکان لە دوبەی و پاریس نمایش کردووە.



*کتێبی یادەوەریی کۆمپانیای ئەلیکسیر وێنەی تیمەکە و دیزاینە ناوازەکانیان و ئەو گەشتانەی دیزاینەرەکان کردوویانە بۆ ئەوەی کارەکانیان لە بۆنە نێودەوڵەتییەکان نمایش بکەن. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق / ئەنجێلا وێلز*






*وەبەرهێنانی IOMلە کۆمپانیای ئەلیکسیر بریتیبوو لە دابینکردنی پارەی ئامێری نوێ بۆ بڕین و نەخشاندنی کانزا، کە ئەمەش ڕێگەی بە نەغام دا دیزاینەری ژنی تر بەکرێ بگرێت. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ عێراق / ئەنجێلا وێلز*

ناگام زۆربەی سەرکەوتنەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پشتگیرییەی کە لە باوکی وەریدەگرێت – کە زانیارییەکانی خۆی لە بواری کاری کانزادا گەیاندووە و سەرچاوەیەکی بەردەوامی پشتگیری بووە.

نەغام دەڵێت، "ڕەنگە لەگەڵ باوکانی دیکە دۆخەکە جیاواز بێت، بەڵام دۆخی من هانم دەدات بەرەو پێشەوە بچم و خۆم پەرەپێبدەم. باوکم سەرچاوەی سەرەکی متمانەمە،"

بە پشتیوانی سندوقی پەرەپێدانی پڕۆژەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) و بانکی گەشەپێدانی ئەڵمانیا (KfW)، تیمی زێڕینگەریی ئەلیکسیر لە ڕێگادایە بۆ گەیشتن بە لوتکەی نوێ.

سندوقەکە خولی پەرەپێدانی بازرگانی بۆ نەغام دابین کرد کە تێیدا فێری کارامەیی بوو لە پارەدابینکردن و پلاندانانی بازرگانی و بازاڕکردن. هەروەها وەبەرهێنانێکی وەرگرت کە بەکاری هێنا بۆ کڕینی ئامێری بڕینی کانزا و لەحیمکردن، هەروەها بەکرێگرتنی ژنانی زیاتر کە مارکەی ئەلیکسێر بە زیندووی دەهێڵنەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، ئەنجێلا وێڵز